# دەروێشەکانی مەنسوور حیکمەت

هشام ئاکرەیی

لە م بابەتەدا نامەوێ باسی فکری مەنسور حیکمەتی مارکس لێخۆش نەبوو ، بکەم. چونکە خاوەن فکرێکی تایبەت بە خۆی نیە بەڵکوو زیاتر بیروباوەڕی خەڵکی تری بەکارهێناوە و کۆی کردۆتەوە و ئیمزای و موری خۆی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لێیداوە. بۆیە، لە جیاتی ئەوەی ئاو لە جۆکەلەی ئەو بخۆمەوە باش تر وایە لە سەرۆکانی بخۆمەوە، بەر ئەوەی شێلی بکرێت بەدەستی کەسانی وەک مەنسوور حیکمەت. ئەگەر مارکس ساخ ببێتەوە، قەت لە مەنسوور خۆش نابێت و لینین هەر دەیکوژێت بە دەستەکانی ستالین.

بەر ئەوەی زیاتر بنووسم، دەمەوێ لەم هاوینەگەرمەی کوردستان تەنەکە ئاوێکی ساردی (بێخاڵ) بە سەری هەموو مەنسووریەکاندا بکەم و بەرائەتی خۆمم ڕابگەیەنم لە کۆمۆنیزمی مەنسووری حیکمەت و شوکور بۆ کوردستان و هەڵکەوتی سرۆشتی کە وای کرد هیچ کاتێ لایەنگری نەبم و هەر لە سەرەتادا دەم زانی ئەم کابرایە واتە مەنسوور بە چ مەبەستێک بۆتە کۆمۆنیست وبۆ هەموو کاری مەنسوور و مەنسووریەکان لە سەر کوردستان و مرۆڤی کورد بوە. شانازی شارەزایی خۆم بە منسووریەکان دەکەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ کەسانی چەپی مارکسی کوردستانی و ئەزموونی کەسایەتی من لە گەڵ ئەندامانی ئەو پارتە هەر لە کارگەراەن و ڕەوتی کۆمۆنیستی یەوە تاوەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.

لە کۆتایی هەفتاکان مەنسووریەکان ئەوەندە دژی سەددام و پارتەکانی ناسیونایست نەبوون، ئەوەندەی دژی کۆمەمەڵەی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوی تێکۆسانی ڕەنجدەران و ئەقلیمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق و چەند ڕێکخراوێکی تری چەپ و کۆمۆنیست. تاوەکو ئەمڕۆش خەباتیان دژی چەپی کوردستانیە نەک ناسیونالیستە ڕاستەقینەکان و دەیانەوێ بەزۆری بەرەی ناسیونالیزم بەهێزتر بکەن. چۆن هەر کەسێک بەعسی نەبا سەددام بە دژی بەعس و تاوانبار مامەڵەی لە گەڵ دەکرد، بەهەمان شێوەی بەعس مەنسووریەکانیش ئەوەی لە گەڵ پارت و فکرەکەیاندا نەبێت، بە ناسیونالیست لە قەڵەم دەدەن. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێ تاوان دروستکراون بۆ ناسیونالیستەکانی کورد. دەیانەوێ بە خەڵک بڵێن ناسیونالیزم تاوان و شەرمە.

بگەڕێمەوە بۆ دەروێشەکانی مەنسوور حیکمەت. ئەوانە، هێرش دەکەنە سەر لایەنگرانی پارتی و یێکێتی ودەڵێن ئەوان گوێ ڕایەڵی سەرکردەکان و حیزبەکانیانن. ئەگەر ئەوان گوێ ڕایەڵ بن، مەنسووریەکان دەروێش و عەبد و کۆیلەو دیلی مەنسوور حیکمەتن. ئەگەر " ناسیونالیستەکان" ئەو شتەش بکەن تا ڕادەیەک هەقیانە چونکە هەر کام لە بارزانی باوک و کوڕ و تالەبانی و قاسملو و. . . . کۆمەڵێ شورشی گەورەیان بەرپاکردە و باشتر خزمەتی ئەندامەکانیان وبیری خۆیان کردوە. بەڵام مەنسوور حیکمەت نەی توانیوە هەزار کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. یان گوندێک بۆ دەروێشەکانی خۆی مسوگەربکات. ئیتر شانازی و دەرویشاتی بۆ چی دەکەن؟ باشە جیاوازی قسەکانی مەنسوور حیکمەت و فەتواکانی خومەینی چیە؟ ئەگەر موسڵمانانی ئێران دەروێشی خومەینی بن مەنسووریەکانیش بە هەمان شێوە دەروێشی مەنسوورن. ئەگەر کەس بۆی نەبێ دژی قسەکانی خومەینی بوەستێت بە ئارەزۆی خۆی یان بە زۆری، هەموو مەنسووریەکان بە ئارەزۆی خۆیان بۆنەتە دەروێش. ئەمە وەکو ئەوەیە بە ئارەزۆی خۆت ببیە بەعسی. هەڵبەتە ئەوانەی بەئارەزۆی خۆیان بەعسین خراپترن لە وانەی بە زۆری کرابۆنە بەعسی.

ئەگەر مەنسوور حیکمەت شۆڕشێکی بەرپا کردبا و حکومەتێکی بەناو کرێکاری لە شارێک بۆ تەنیا ڕۆژێک پێکهێنابایە، ئەو کاتە مەنسووریەکان چی دەکرد. سەد دەرسەد لەجێگای مارکس دادەنرا بۆ پیرۆزی. ئاسایی یە پیاوێکی ئاینی تەقدیس بکرێت، چونکە مریدەکانی کەسانی نافامن و میتافیریقیانە بیر

دەکەنەوە، بەڵام "کۆمۆنیستێک" کوێرانە گوێ ڕایەڵی مەنسووربێ، کوفرو ستەمە بە حەقی مارکسیزم و دکتاتوریەتی پرولیتاریا. لە مارکسیزمدا دکتاتوری پرولیتاریا هەیە نەک تاک، با "ڕابەریش" بێت.
لێرەدا هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان پەرستن و عیبادەتی ناو ئیسلام و ناسیونالیزم و کۆمۆنیزمدا. هەموان دروستکەر و خوڵقێنەری دکتاتوریەت و توندڕێیین. واتە بەم کردەوەیە، مەنسووریەکان هیچ جیاوازیەک نایەڵن لە نێوان خۆیان و فوندەمێنتەلیزم و توندڕێیی، بگرە خراپتریش چونکە لای ناسیونالیستێک هەموو سەرکردە نیشتیمانیەکان پیرۆزن و تەقدیس دەکرێن. بۆ نموونە بۆ ناسیونالیستێکی کورد شێخ عبیداللە نەهری، شێخ سەعید، شێخ ڕەزا، بەدرخانیەکان، شێخ مەحمود، بارزانی، قازی محمد، سمکۆی شکاک، قاسملۆ و جەمال نەبەز و هتد. . . کەسایەتی نیشتمانین و کەم یان زۆر، بەڵام هەموان پیرۆزن. بۆ کابرایەکی موسڵمان هەر لە خواو پێغەمبەر و هەر پێنج ئیمام هەتا خومەینی و قەرزاوی و بن لادن کەسانی پیرۆزن، بەڵام لای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەنیا مەنسوور حیکمەت پیرۆزە و جارجار باسی مارکسی هەژاریش دەکرێت. واتە ناسیونالیستەکان و موسڵمانەکان ئازادتر و دیموکراتی ترن لە مەنسوریەکان.
عەرەبەکان توانیویانە بە ناوی ئیسلام و خواپەرستن هەموو گەلانی تری غەیرە عەرەب، بۆ بەرژەوەندی عەرەب کار بکەن، جگە لە فارس و تورک. واتە فارسەکان و تورکەکان لە عەرەبەکان ناسیونالیست ترن. چونکە بەناوی خواش لە سەر ڕێ نەبران. ساڵی ١٩٦٧ کورد شەڕی ڕاگرت لە گەڵ حوکمەتی عێراق لە بەر شەڕی فەلەستین. لە هەشتاکاندا خومەینی ڕازی نەبوو لە سەر ڕاوەستاندی شەڕ لە گەڵ عێراق لە بەر هەمان هۆ واتە ئاین و وتی ڕێگای قودس لە کەربەلاوە دەڕوات. ئەم فێڵەی ناسیونالیزمی عەرەب نەیخوارد. هەر وەها تورکەکان قورئانیان گۆڕا بۆ زمانی تورکی تا وەکو بە تورکی بخوێننەوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە سەرەڕای داگیرکردنی کوردستان بەڵام کورد نەتەوە پەرست نیە و نەبوە.
ناسیونالیزمی مەنسوور حیکمەت و هەوڵدانی بۆ سەرخستنی ناسیونالیزمی فارس بە سەر کورد و عەرەب و ناوچەکە لە کۆمەڵێ خاڵدا دەدۆزرێتەوە.
هەوڵدانی بۆ زاڵبوونی زمانی فارسی و بەکارهێنانی ئەو زمانە لە کۆبۆنەوەکانی ئەو پارتەدا بە هەموو باڵەکانیەوە. فەرزکردن و بەڕێوبردنی ح. ک. ع لە لایەن ئەندامانی ئێرانەوە وەک بلێی عێراق کۆمۆنیستی نیە. بەهەمان شێوەی ئەمریکا موستەشاری داناوە لە هەموو عێراق و بریارەکان بە دەست ئەوانن. (ح. ک. ک. ا) داوای سەربەخۆیی ناکات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ باشووری کوردستان (بە ناو) داوای ریفراندومیان دەکرد تاوەکو ڕۆخانی سەددام و دوای ئەوە لە بیریان چۆتەوە. ئەگەر پارتێک بە تەواوەتی باوەڕی بە سەربەخۆیی جێگایەک بێت، حزبێک یان هەر هیچ نەبێ کۆمیتەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەو ناوچەیە پێکدەهێنێت وەک (ح. ک. ک) . لە باشترین حاڵەتدا مەنسوور حیکمەت ناسیونالیستێکی فارسە دەی ویست ئیمبراتوریەتی فارسی دروستبکاتەوە وعێراق بگەڕێنتەوە ژێر ئەو دەسەڵاتە. چونکە ئەگەر کۆمۆنیست بێت هەوڵی بۆ هەموو هەرێمەکە دەدا نەک تەنیا خەرێکی کوردستان و عێراق دەبوو. ئەو کرێکارانەی لە تورکیا و پاکستان وهندستان هەن، لە هیچ جێکایەکی تری ناوچەکە نین. بەڵام مەنسوور حیکمەت باش دەزانێت تورکیاش وەک ئێران ناسیونالیستە وپێی حەل نابێ. ئەگینا خەباتی چینایەتی لە تورکیا باش تر دەکرێت لە وەی کوردستان. ئەگەر کوردستان ١٠% ی کرێکار بێت، تورکیا و ئێران زیاد لە ٣٠% کرێکارە. ئەگەر مەنسوور و مەنسووریەکان ناسیونالیستی فارس نەبوانە، دژ بە کۆمۆنیست و چەپی کوردستان نەدەبوون. بۆیە مەنسووریەکان دژایەتی ناسیونالیستەکان و چەپ ومارکسی کوردستانی دەکەن، چونکە لایەنی کوردستانی بە هەموو باڵەکانیەوە، داوای سەبەخۆیی کوردستان دەکەن. هەر لەبەر ئەوەش دژی ناسینونالیزمی کوردستانین نەک ناسیونالیزم وەک ئایدیا.

چۆن ناسیونالیزمی عەرەب و تورک و فارس دژی ناسیونالیزمی کوردن، بە هەمان شێوە مەنسووریەکان وەک بەشێک لە ناسیونالیزمی داگیرکەران، دژی ناسیونالیزمی کوردە. واتە ئەم شەڕەی مەنسووریەکان دەکەن شەڕێکە لە جیاتی ناسیونالیزمی فارس دەکەن. موسڵمانەکان بۆیان هەیە فەتوای چیاچیا بدەن و ئایەت ئیستنساخ بکەن، بەڵام دەروێشانی مەنسوور حیکمەت حەدیان نیە وشەیەک بگۆڕن. زکری ئەوان لە هی دەروێشەکانی عبدالقادر گیلانی پەرستانەترە. پیرۆزیان بێت.

تێتینی: ئەوەی بیەوێت سەرچاوەی نووسەینەکانی مەنسوورحیکمەت شارەزابێت با نووسینەکانی ئەنوەر خۆجەی ئەلبانی بخوێننەتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت